# پیلانێکی دیکەی ئیسلامی

# لەدژی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەئارادایە

**مەریوان هەڵەبجەیی**

**لەبەر ئەوەی ئەنفال شەرعییەتی هەیەو بۆ لەمەودواش بەردەوام دەبێت لەئێستاوە ئیسلامییەکان لەهەوڵی ئەوەدان هەوڵی نارەزایەتی جەماوەری دژبەو کارەساتە سەرنەگرێت.**

**(21) بیستو یەکی ئەم مانگەو هەموو مانگەکانی ساڵیادی ئەنفال رۆژی نارەزایەتییەکی توندی میللەتێکە کەبەدرێژایی دەیەکانی دوایی سەدەی بیست لەژێر تاکە دەسەڵاتێکدا دەچەوسایەوەو قەتڵو عام دەکرا .. گەر لەناوەڕۆکی ئەم نارەزایەتییە بکۆڵینەوەو تێگەیشتنێکی گشتی بدەینێ دەبێتە لەوە تێبگەین نارەزایەتی ئەم میللەتە بەرامبەرە بەهەموو ئەو چەوساندنەوانەی کەلە مێژوویدا بەسەری هاتووە.. بەمانایەکی تر ئەم جۆرە رۆژانە بەگژاچوونەوەی هەموو قەتڵو عامێکە.. بەگژاچوونەوەی تەواوی مێژووی پڕ لەڕەزالەتو پڕ لەسەرشۆڕیو پڕ لە سەرکوتکردنە.. بەگژاچوونەوەی هەموو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرە.. بەگژاچوونەوەی گشت سیاسەتێکی توندرەوە.. بەگژاچوونەوەی تاك رەهەندیو قبوڵنەکردنی بەرامبەرە.. بەگژاچوونەوەی هەموو ئەو چەمکانەیە کەبەرهەمهێنی رەفتارەکانی ئەم دەستەواژانەن.. واتە بەگژاچوونەوەی کلتورێك جگە لەسەرکوتکردنو قەتلوعامکردن هیچ معادەلەیەکی دیکەی قبوڵ نەبێ, یاخود بەگژاچوونەوەی ئەو بیرۆکە کۆنە پەرستانەیەیە کەلەمێژوودا وەك صەدامو بەعسییەکان دیکتاتۆر بوون, بەڵکو خراپتر بوونو مێژوویان پڕ پڕە لەگۆڕی بەکۆمەڵو سەربڕینو تۆقاندنو داگیرکردنو کاولکردن..**

**گەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەو ماناو مەفهومانەی سەرەوە دەبێ لەوە تێبگەین کەئیسلامییەکان بەشداری ئەو رۆژە لەنارەزایەتییە جەماوەرییەی میللەتی کورد ناکەنو بگرە زیاتر دژیشی دەوەستن, بەڵکو کار بۆ سەرنەکەوتنیشی دەکەن چونکە ئەو نارەزایەتییە بەهەر شێوەیەك بێتو هەر دەلالاتێك لەخۆ بگرێتو بەهەر ئاقارێکدا بڕوات دوورو نزیك پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەرەتکردنەوەی مێژووی ئیسلامەوە هەیە لەبەر ئەوەی کلتوری ئیسلام دەروازەیەکی سەرەکی بووە بۆ بەشەرعیکردنی کوشتنو زیندەبەچاڵکردنی** 182,000 **مرۆڤ.**

**ئیسلامو کوشتن, ئیسلامو تاڵانکردن, ئیسلامو زیندەبەچاڵکردن, ئیسلامو کۆمەڵکوژی, ئیسلامو دەربەدەرکردن, ئیسلامو تۆقین, هەمان ئەم کلتورانەن کەبۆ صەدامو بەعسییەکان ماونەتەوەو مومارەسەی ئەم شەریعەتەیان کردووە. شەریعەتێك کەئێستا ئیسلامییەکان شەرم**

لەباسکردنی دەکەن و وەك کلتورێك بۆ بەشەرییەتیان بەجێیانهێشتووەو دەیانەوێت تەواوی مرۆڤایەتی پیادەی ئەم شەریعەتە بکەن.
بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش نموونەیەك دەهێنمەوە.

کاتێك هۆزی بەنی قورەیزە نەهاتنە ژێر رکێفی دەسەلاٌتی پەیامبەری ئیسلامەوە, لەرێی جوبرەئیلەوە خوا فەرمانی بە پێشەوای ئیسلام ( محمد ) کرد بڕواتە سەریان و جیهادیان بکات. ئەویش موسڵمان و صەحابەکانی کۆکردنەوەو هێرشێکی بەربلاٌوی چەند رۆژانەیان بۆ سەر ئەو هۆزە کردو پاشتر ئەنجام گەیشتە ئەوەی بەفەرمانی پێشەوای ئیسلام هەرچی پیاوو گەنج و لاوی ئەو هۆزە هەبوو بەدەست بەستراوی هێناویاننەتە ناوەڕاستی شارەکەوەو چەند چاڵێکیان بۆ هەڵکەندون و بەڕیزو یەکە یەکە بەشمشێری ئیماندارەکان و بەبەرچاوی پەیامبەرەوە دیلەکانیان سەربڕییەو بۆ ناو چاڵەکان تلیان کردونەتەوەو پاش تەواو بوون خۆڵیان کردون بەسەریاندا. دواتر هەرچی ژن و کچ و منداڵ و سەروەت و سامانیان هەبووە لەناو موسڵماناندا دابەش کراوەو خودی رەسول الله پێنج یەکی بەرکەوتوەو جوانترین ژنیشی لەو مەلحەمەیەدا دەستدەکەوت کەئەمەش ناوەکەیەتی (ريحانة بنت عمرو بن خنافة).

لەکۆتایی ئەم نوسینەدا کورتەی چیرۆکەکەش بە عەرەبی بخوێنەرەوە.

ئەم نموونەیەی هێناومانەتەوە بەڵگەی سەرەکین بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە یەکەم قەتل وعام و یەکەم ئەنفال و یەکەم کۆمەڵکوژی بەدرێژایی 1427 ساڵ و لەناوچەکەدا ئیسلام کردویەتی و بەسەرۆکایەتی پێشەوای ئیسلامیش بووە.
هەر بۆیە جارێکی تر دەیڵێمەوە بەگژاچوونەوەی صەدام و ئەو قەتلوعامەی کردوویەتی و قبوڵنەکردنی پرۆسەی ئەنفال لەلایەن جەماوەرەوە دەکاتە ئەوەی بەگژ کلتوری ئیسلامدا دەچینەوە, بەگژ ئەو دیاردە نائینسانییەتەدا دەچینەوە کەئەنفال بەرێگەیەکی شەرعی دەزانێت, هەر بۆیە ئیسلامییەکان کار بۆ نەکردنی ئەم نارەزایەتییە دەکەن و هەموو لایەك لەپیلانی ئیسلامییەکان ئاگادار دەکەمەوە .

کورتەی چیرۆکی ئەنفالی ئیسلامی بەزمانی عەرەبی

أتى جبريل رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال أقد وضعت السلاح يا رسول الله قال نعم قال جبريل ما وضعت الملائكة السلاح إن الله يأمرك يا محمد بالسير إلى بني قريظة وأنا عامد إلى بني قريظة فأمر رسول الله صلى الله عليه وسلم مناديا فأذن في الناس إن من كان سامعا مطيعا فلا يصلين العصر إلا في بني قريظة. فحاصرهم شهرا أو خمسا وعشرين ليلة فلما اشتد عليهم الحصار

قيل لهم انزلوا على حكم رسول الله. قال كعب بن أسد لهم يا معشر زفر إنه قد نزل بكم من الأمر ما ترون وإني عارض عليكم خلالا ثلاثا فخذوا أيها شئتم قالوا وما هن قال نتابع هذا الرجل ونصدقه فوالله لقد كان تبين لكم أنه لنبي مرسل وأنه للذي كنتم تجدونه في كتابكم بالصماء على دمائكم وأموالكم وأبنائكم ونسائكم قالوا لا نفارق حكم التوراة أبدا ولا نستبدل به غيره فلنقتل أبناءنا ونساءنا ثم نخرج إلى محمد وأصحابه رجالا كتعزير السيوف ولم نترك وراءنا ثقلا يهمنا حتى يحكم الله بيننا وبين محمد فإن نهلك نهلك ولم نترك وراءنا شيئا نخشى عليه. ثم إنهم بعثوا إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم أن ابعث إلينا أبا لبابة بن عبدالمنذر أخا بني عمرو بنعوف وكانوا حلفاء الأوس نستشيره في أمرنا فأرسله رسول الله صلى الله عليه وسلم إليهم فلما رأوه قام إليه الرجال وبهش إليه النساء والصبيان يبكون في وجهه فرق لهم وقالوا له يا أبا لبابة أترى أن ننزل على حكم محمد قال نعم وأشار بيده إلى حلقه إنه الذبح, فقالوا ننزل على حكم سعد بن معاذ. فلما طلع يعني سعدا قال رسول الله صلى الله عليه وسلم قوموا إلى سيدكم فأنزلوه فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم احكم فيهم قال فإن أحكم فيهم أن تقتل مقاتلتهم وأن تسبى ذراريهم وأن تقسم أموالهم فقال لقد حكمت فيهم بحكم الله وحكم رسوله. فحبسهم رسول الله صلى الله عليه وسلم في دار ابنة الحارث امرأة من بني النجار ثم خرج رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى سوق المدينة فخندق بها خنادق ثم بعث إليهم فضرب أعناقهم في تلك الخنادق وهم ستمائة أو سبعمائة المكثر لهم يقول كانوا من الثمانمائة إلى التسعمائة. عن عائشة قالت لم يقتل من نسائهم إلا امرأة واحدة. ثم إن رسول الله صلى الله عليه وسلم قسم أموال بني قريظة ونسائهم وأبناءهم على المسلمين وأخرج منها الخمس وكان رسول الله صلى الله عليه وسلم قد اصطفى لنفسه من نسائهم ريحانة بنت عمرو بن خنافة إحدى نساء بني عمرو بن قريظة فكانت مع رسول الله صلى الله عليه وسلم حتى توفي عنها, كانت حين سباها رسول الله صلى الله عليه وسلم قد تعصت بالاسلام وأبت إلا اليهوديه..و..و

**بۆ راستی ئەم روداوەش خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانە**

**ابن الاثير , البداية والنهاية , الجزء الرابع**

**فصل في غزوة بني قريظة**

**هەروەها دەتوانێت لەم ماڵپەڕەشەوە چیرۆکەکە بەدرێژی بخوێنێتەوە**

http://www.al-eman.com/islamlib/viewchp.asp?BID=251&CID=57

**هەروەها تأريخ الطبري, غزوة بني قريظة.**